# ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئایینی لەسەر مۆمیاکردن لە میسری کۆن (١٥٦٧-١٠٨٥پ.ز)

**علی عبدالله محمود**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** ali.abdulla@uor.edu.krd

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئایینی لەسەر مۆمیاکردن لە میسری کۆن (١٥٦٧-١٠٨٥ پ.ز))، توێژینەوەیەکی زانستییە و تیشکی خستۆتە سەر کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی لەسەر کرداری مۆمیاکردن کە میسرییە کۆنەکان لەسەردەمی ئیمپراتۆریی ئەنجامیانداوە، باوەڕیان بەوە هەبوە لەدوای مردن بەرەو ژیانێکیتر هەنگاودەنێن، بەتایبەت پاشاکان دەچنەوە بەردەم خواوەندەکان و ئەوان بەپێی کردارەکانیان پاداشت و سزایان بۆ دەستنیشان دەکەن، بۆیە بە پێویستیان زانیوە بەلاشەیەکی مۆمیاکراو بگەنە ئەم قۆناغە لەجیهانی دوەم، هەنگاوەکانی مۆمیاکردن لەلایەن پیاوانی ئایینی ئەنجامدراوە.

**کلیلە وشەکان:** مۆمیاکردن، بیروباوەڕی ئایینیی، میسری کۆن، ئیمپراتۆریی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێشەکی:

دانیشتوانی میسر لەقۆناغی مێژوی کۆن پەیوەستبون بەبیروباوەڕی ئایینی و پەیڕەوی ئایینیان فرەخواوەندی بوە، لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خواوەندەکان و گەیشتن بە بەختەوەری زۆربەی چالاکیەکانیان لەژێر چاودێری و بەڕەزامەندی ئەوان ئەنجامداوە، لەپێناو بەدەستهێنانی بەخششی خواوەندەکان، گرنگیدان بەژیانی دوای مردن یەکێک لەتایبەتمەندییە ئایینیەکان بوە، میسرییە کۆنەکان پێیان وابوە دوای مردن مرۆڤ دەستدەکاتەوە بەژیانێکی تازە و بێ کۆتایی، بۆیە بە پێویستیان زانیوە لاشەی مردوەکان بەپارێزراوی بنێردرێنە لای خوداکان و شایستەی ئەو ژیانە گرنگە بن، کە پێیان دەبەخشرێتەوە، بۆیە لەکەش و هەوایەکی گونجاودا کاروباری پێویستیان بۆ مردوەکانیان ئەنجامداوە.

لەچوارچێوەی ئەمەی سەرەوەدا باس لە ڕەنگدانەوەی ئایین دەکەین لەسەر کرداری پاراستنی لاشە لەڕێگای مۆمیاکردنەوە، میسرییە کۆنەکان بیریان لەزۆر شێواز و جۆری پاراستنی لاشەی مردوەکان کردۆتەوە، تاسەرەنجام گەیشتونەتە ئەو ئاستەی بەهۆی مۆمیاکردنەوە توانیویانە لاشەکان لە شیبونەوە بپارێزن، بەتایبەت لەسەردەمی ئیمپراتۆریی (١٥٦٧-١٠٨٥ پ.ز) باشترین جۆری مۆمیاکردنیان ئەنجامداوە و شوێنی هەڵگرتنی لاشە مۆمیاکراوەکانیان بەشێوەیەکی باش و گونجاو ئامادەکردوە، ئەرکی چەند خودا و خواوەندێکیان پەیوەستبوە بەکاری مۆمیاکردن و ژیانی دوای مردن، بۆیە ئەم ئەرکەیان لەژێر ڕێنمایی و چاودێری ئەواندا ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە دەستپێک بۆ ڕونکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی، لە دەرەنجام و لیستی سەرچاوە و پوختە بەهەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە دو باسی سەرەکی پێکهاتوە، تیایدا باس لە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئایینی لەسەر مۆمیاکردن و بەرەوپێشچونی ئەم ئەرکە ئایینیە کراوە.

## دەستپێک:

سەرەتای دەرکەوتنی بیروباوەڕی ئایینی لەلای میسرییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردین، ئەو کاتەی مرۆڤی کۆن ویستویەتی خۆی لەکارەساتە سروشتییەکان بپارێزێت، پێیوابوە هێزێک هەیە لەسەروی توانای خۆی و دەتوانێت پارێزگاری لێبکات و لەکارەساتەکان دوریخاتەوە، هەر ئەو هێزە دەتوانێت هەمو ئەو شتانەی پێببەخشێت، کە دەیەوێت بەهۆیانەوە درێژە بەژیان بدات و بەختەوەری بەدەستبێنێت (نور الدين، ٢٠١٠، ط)، بەتێپەڕبونی کات ئەم بیرکردنەوەیان گەشەی کردوە و چەندین خواوەندیان بەدیکردوە، پەیڕەوی فرەخواوەندی بەتەواوی چەسپاوە لەناویاندا، ژمارەی خواوەندەکانیان زۆربوە(باقر، ٢٠١٨، ٧٥)، ئەوەی تاکو ئێستا زانراوە ژمارەیان نزیکی دو هەزار و پێنج سەد خواوەند بوە(وفسكى، ١٩٩٩، ١٦٠)، هەندێکجار هەر خێزانێک خودای تایبەتی خۆی هەبوە، ئەمانە بەپێی چینی کۆمەڵایەتییان و شوێنی نیشتەجێبونیان پێگەی خوداکانیان دیاریکراوە بەجۆرێک خودای خانەدانەکان باڵاتربوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لە خودای خێزانێکی ئاسایی یان خێزانێکی ئاست نزم، بەهەمانشێوە خودای شارەکانیش بالآتربونە لە هی گوندەکان، زۆرجار لەکاتی شکست و نەهامەتی دەسبەرداری خودا تایبەتییەکانیان بون یان گرنگی پێدانیان کەم بۆتەوە(بدج، ٢٠٠٠، ٩٤).

هەندێک لە پەرستراوەکان بەپێی کات و شوێن گۆڕانکارییان بەسەرداهاتوە، خواوەند هەبوە لەبەیانیاندا ناوێکی هەبوە هەمان ئەم خواوەندە لەئێوارانداا ناوەکەی گۆڕاوە (وفسکی، ١٩٩٩، ١٦٠)، هەروەها بەپێی یەکە سیاسیەکان ناو و ئەرکی خواوەند گۆڕاوە بەتایبەت لەنێوان هەردو یەکەی سەرەکی (میسری سەرو و میسری خوارو)، بەڵام لەکاتی یەکگرتنی یەکەکان یەکگرتنی خواوەندەکانیش بەدیکراوە، بەپێی زاڵبونی لایەنی سیاسی خواوەندەکەشیان لەبەرامبەر خواوەندە هاوشێوەکەی زاڵبونی بەخۆوە بینیوە، زۆرینەی خواوەندەکانیان هێزیان لەسروشتەوە وەرگرتوە (باقر، ٢٠١٨،75 ; Selle, 1971, 13)، ژینگەی ئارام و بەپیتی میسر کاریگەری باشی هەبوە لەسەر لایەنی ئایینی، سروشتی خودا و خواوەندەکان و ڕێوڕەسمە ئایینیەکانیان زیاتر ئارامیان پێوەدیاربوەو تاڕادەیەک دوربون لە هەڵسوکەوتی توندوتیژ و ترسناک، بەشێوەیەکی گشتی دو جۆر هێمای خواوەندەکان بەدیکراوە، یەکەمیان لەشێوەی گیانلەبەران و مرۆڤ بەسەری ئاژەڵەوە، دوەمیان بەتەواوی جەستەی مرۆڤیان هەبوە(سەلیم، ٢٠١٤، ١٥١–١٥٣)، بەهێزی مرۆڤەکان و پیرۆزی گیانلەبەران وایکردوە خواوەندەکانیان هەردو پێکهاتەکە لەخۆبگرێت، بۆیە جەستەی مرۆڤ و سەری گیانلەبەران بوە بەهێمای پیرۆزی و پەرستن (عصفور، دون سنة، ٦٥).

میسرییە کۆنەکان پێیان وابوە خواوەندەکان ئەرکیان جیاوازە، هەندێکیان بەدیهێنەری کاری باش و خۆشبەختین بۆ مرۆڤ بۆیە شێوە و وێنەیان لەشێوەی گیانلەبەرە سودبەخشەکانی وەکو (مانگا، نەعامە، کەروێشک، ...هتد) دروستکردوە، هەندێکیشیان سەرچاوەی کاری خراپ و شەڕانگێزین و هاوشێوەی (مار، تیمساح، شێر، ...هتد) دروستکراون (نور الدین، ٢٠١٠، ی)، لەهەندێک ناوچەی میسر پیرۆزی ڕێگرنەبوە بۆ سودوەرگرتن لەو ئاژەڵانەی وەکو خواوەند یان هاوشێوەی خواوەندەکان بون، بۆنمونە توانیویانە ئاژەڵە پیرۆزەکە سەرببڕن و سود لەگۆشتەکەی ببینن، بەڵام لەهەندێک ناوچەی تر بەهیچ شێوەیەک ڕێگایان بەخۆیان نەداوە ئەم کارە ئەنجامبدەن (سەلیم، ٢٠١٤، ١٥٤)، ئایین بەجۆرێک گرنگی و کاریگەری هەبوە وایانبینیوە هەر شتێک سودی پێگەیاندبن وەکو خواوەند پیرۆزیان کردوە و پەرستویانە، بۆنمونە ئەو ڕوەکەی سێبەر یان بەرهەمی هەبوبێت یان ئەو گیانلەبەرانەی سودیان لێیوەرگرتبێت یاخود دیاردە سروشتییەکان، بۆ هەریەکەیان هێمایان داناوەی و مەراسیمی ئایینیان بۆی ئەنجامداوە و قوربانیان پێشکەشکردوە (کراچی، ٢٠٠٧، ٣٤٦).

بیروباوەڕی ئایینی میسرییە کۆنەکان لەلای توێژەران بابەتێکی گرنگە، بەتایبەت ئەو بەشەی باس لەژیانی دوای مردن دەکات، لە چاخە بەردینەکانەوە مرۆڤ هەستی بەوە کردوە، کە ژیان سنورداره و بەمردن کۆتایی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

پێدێت، بەڵام قۆناغی دوای مردن تاماوەیەکی زۆر بەناڕونی ماوەتەوە و مرۆڤی ئەوکات نەیتوانیوە لێکدانەوەی بۆبکات، بەتێپەڕبونی کات ئەو هەستە دروست بوە کە دوای مردن قۆناغی هەڵسەنگاندنی کردار و ڕەفتار دەستپێدەکات بەپێی ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە پاداشت و سزا دەستنیشان دەکرێت، پێدەچێت ئەمە شتێکی گشتی بوبێت لەشارستانیەتە کۆنەکاندا(حنون، ١٩٨٦، ٩-١٠)، میسرییە کۆنەکان یەکێکن لەو گەلانەی گرنگیان بە ژیانی دوای مردن داوە و باوەڕیان بەزیندوبونەوە و نەمری تاهەتایی هەبوە(صالح، ٢٠٠٤، ٤٨٨)، بەراورد بە شارستانیەتەکانی ناوچەکە لە میسر هەندێکجار زیاد لەپێویست گرنگی پێدراوە و بەتەواوی تێکەڵاوی ژیانی ڕۆژانەیان و هەڵسوکەوتیان بوە (وفسکی، ١٩٩٩، ١٦٠)، پێیان وابوە دوای مردن ژیانێکی تازە دەستپێدەکات و دەگەن بەنەمری (باقر، ٢٠١٨، ٨٣)، بۆچونیان وابوە چۆن گیانی کەسەکە بە نەمری دەمێنێتەوە بەهەمانشێوە لاشەی مۆمیاکراویش تاهەتایە دەمێنێتەوە (الخطیب، دون سنة، ٦٥)، بۆیە پاراستنی لاشەی مردو وەکو ئەرکێکی پیرۆز سەیرکراوە لەپێناو دوبارە لەدایکبونەوە، باشترین هۆکار بۆ پاراستنی لاشە مۆمیاکردن بوە (ارمان، ١٩٩٥، ٣٥٢)، میسرییە کۆنەکان گرنگیان بەهەندێک جۆری ئاژەڵ داوە بەتایبەت ئەو ئاژەڵانەی پیرۆزیان هەبوە وەکو (پشیلە، سەگ، چەقەڵ، تیمساح، ...هتد)، هاوشێوەی لاشەی مرۆڤ مۆمیایان کردون و لەشوێنی تایبەتدا ناشتویانن(Museum, 1904, 65-66).

بەپێی لێکۆڵینەوەی شارەزایانی بواری شوێنەوار و مێژو مۆمیاکردن لە میسر مێژوییەکی دوری هەیە، پێدەچێت سەرەتاکەی بگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا (جیار و دیتر، ٢٠٠٨، ١٣٥)، ئەوەی بەدیکراوە لەچاخی بەردینی نوێ بەشێوەیەکی سادە ئەنجامدراوە بەجۆرێک لاشەی مردوەکەیان لەبەر تیشکی خۆر وشککردۆتەوە و بەگەڵای ڕوەک یان پێستەی ئاژەڵ یان کەتان پێچاویانەتەوە (باقر، ٢٠١٨، ٨٩)، دواتر لەشوێنی تایبەت و بەشێوازی تایبەت ناشتویانە، لەشوێنەوارێکی دۆزراوە لە ناوچەی (مرمدة بن سلامة) کە کەوتۆتە خۆرئاوای ناوچەی دەلتا مردوەکەیان بەمۆمیاکراوی لەماڵەکەیدا و ڕوەو ڕۆژهەڵات ناشتوە، دەست و قاچیان بەرەو سکیان نوشتاندۆتەوە، لە (حلوان) کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی نیل لە نزیک شاری منفس بەهەمانشێوە گرنگیان پێداون و لەگەڵیشیاندا چەند پێداویستیەک لەگۆڕەکانیاندا دۆزراوەتەوە وەکو گۆچان و کەلوپەلی جوانکاری(ألاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٩)، لە کوخی دروستکراو لە بەرد و قوڕدا  ئەمانە دۆزراونەتەوە، تاکو ئێستا ئەمانە کۆنترین لاشەی مۆمیاکراون وەکو کارێکی سەرەتایی (ادیب، ١٩٩٧، ١٣)، هەروەها چەند گوڵە گەنمێکیان لەگەڵ داناون، پێدەچێت بەمەبەستی دابینکردنی خۆراک بۆ مردوەکە ئەمە ئەنجام درابێت (وهیبة، ١٩٧٥، ٢٠٢).

لەچاخی بەردینی کانزایی درێژە بەکاری پاراستنی لاشەی مردوەکان دراوە، دوای ئەوەی کاری مۆمیاکردنیان بۆ ئەنجامداوە پەیکەری قوڕینی بچوکیان لەگەڵدا داناوە و گۆڕێکی هاوشێوەی خانو لە گەڵا و قوڕیان بۆ دروستکردون (ألاحمد و احمد، ١٩٨٨، ٢٢)، لە ناوچەی (بداری) کە دەکەوێتە نێوان بیابانی خۆرهەڵات و ڕوباری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

نیل دوای ئەوەی لاشەی مردو پێچراوەتەوە خراوەتە ناو تابوتی گڵینە یان دار ئینجا سەری تابوتەکەیان بەگەڵا داپۆشیوە، لە شوێنەواری (نقادە)، کە دەکەوێتە خۆرئاوای نیل لەنزیک شاری طیبە ئەم گرنگیدانە زیاتر دەرکەوتوە هەروەها گۆڕی مردوەکەش بەشێوەیەکی باشتر هەر لەشێوەی خانو بە بەرد و قوڕ دروستکراوە و پلیکانەیان بۆی دروستکردوە(حسن، ٢٠٠٧، ٢٧–٢٨).

دوای تێپەڕاندنی چاخە بەردینەکان و لەسەرەتای سەردەمی بنەماڵەکان دانیشتوانی میسر بەردەوامبون لە گرنگیدان بە مۆمیاکردن لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی، بەپێی لێکۆڵینەوە شوێنەواری و مێژوییەکان سەردەمە مێژوییەکانی میسری کۆن بەشێوەیەکی گشتی دابەشکراون بۆ چەند چاخێک بەمشێوەیە، چاخی شانشینی کۆن (٣٢٠٠–٢٢٨٠پ.ز)، چاخی لاوازی یەکەم (٢٢٨٠–٢٠٦٠پ.ز)، چاخی شانشینی ناوەڕاست (٢٠٦٠–١٧٨٥پ.ز)، چاخی لاوازی دوەم یان چاخی هکسوسەکان(١٧٨٥–١٥٦٧پ.ز)، چاخی شانشینی نوێ یان چاخی ئیمپراتۆریی(١٥٦٧–١٠٨٥پ.ز)، چاخی لاوازی سێیەم (١٠٨٥–٣٣٢پ.ز) هەریەک لەم سەردەمە مێژوییە چەند بنەماڵەیەک فەرمانڕەوایی کردوە کە ژمارەیان سی و یەک بنەماڵە بوە (یوسف، ٢٠٠٦، ٧–١٠).

لەسەردەمی بنەماڵەی یەکەم تا سێیەم بەراورد بەسەردەمی پێش خۆی کاری مۆمیاکردن گرنگی زیاتری پێدراوە وردەکاری زیاتریان بۆی بەکارهێناوە بەشێوازی زانستی و هونەری و ئایینی پێشکەوتوتر لاشەی مردوەکانیان مۆمیاکردوە(شاکر، ٢٠١١، ٢٤٧)، کە ویستبێتیان لاشەیەک مۆمیا بکەن ئەندامەکانی ناوەوەی جەستەیان دەرهێناوە جگە لە (دڵ) ئینجا لەبەر تیشکی خۆر وشکیان کردۆتەوە و بەپارچە کەتان پێچاویانەتەوە و ناشتویانە(شاکر، ٢٠١١، ٢٤٧)، لەسەردەمی بنەماڵەی چوارەم لەپێناو پاراستنی لاشەی پاشای مردو هەوڵی زیاتریان داوە، بەتایبەت شوێنی هەڵگرتنی مۆمیاکراوەکان ئەویش بە دروستکردنی هەرەم، هەرەمە گەورەکان بەشێوەیەکی ئەندازەیی قەبارە گەورە لەسەر ڕوبەرێکی فراوان دروستکراون (ی، ١٩٩٩، ١٣٢–١٣٣)، دروستکردنی هەرەم سەردەمی هەرپاشایەک بەمەبەستی پاراستنی لاشەکەی بوە لەدوای مردنی، واپیشاندراوە ئەمە لەپێناو بەرژەوەندی گشتییە و لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خواوەندەکانە، ئەم بیرکردنەوەیە لەلایەن دانیشتوانیش بەهەمانشێوە بوە بۆیە بەوپەڕی توانا و دڵسۆزی کاری بۆکراوە (عصفور، دون سنة، ٨٤)، یەکێک لەپاشاکانی بنەماڵەی چوارەم پاشا (خوفو) بوە کە توانیویەتی بۆ ئەم مەبەستە گەورەترین هەرەم دروست بکات، بەڵام پێش تەواو بونی هەرەمەکە مردوە و نەتواندراوە لاشەی خۆی لەهەرەمەکەیدا بنێژرێت، لەگەڵ هەرەمە گەورەکاندا و بەتایبەت خوفو چەند پەرستگەیەکی پەیوەست هەبوە، لەلای خۆرهەڵاتی پەرستگەیەکی گەورە بەڕێڕەوێکی درێژ بەستراوەتەوە بە پەرستگەیەکیتر لەدەرەوەی هەرەمەکە(سعدالله، ٢٠٠٠، ١٠٣) .

لەسەردەمی شانشینی ناوەڕاست مۆمیاکردن گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە بەهۆی بەکارهێنانی گیراوەی خوێی نیترۆن (باقر، ٢٠١٨، ٨٩)، ئەم خوێیە پێکهاتوە لەتێکەڵەی (کلورید، سلفاتی سودیوم، کاربونات سودیوم)، بۆ دو مەبەست


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

سودی لێوەرگیراوە یەکەمیان بۆ وشککردنەوەی جەستەی مردوەکە بەهۆی ئەوەی تواناى هەڵمژینی ئاوی هەبوە، دوەمیان بۆ پاککردنەوە و پاراستنی لاشە لەشیبونەوە بەهۆی هەبونی تواناى لەناوبردنی زیندەوەرە شیکەرەوەکان، ئەم خوێیە لەناوخۆی میسر بەرهەمهێندراوە(صالح، ٢٠٠٠، ٦٢)، لەم سەردەمەدا مۆمیاکردن ڕەنگدانەوەی زیاتری بیروباوەڕی ئایینی پێوەدیاربوە، مۆمیای وەزیرێک بەناوی (ئی پی) دۆزراوەتەوە کە گرنگی زۆری پێدراوە، بەڵام ئەوەی جیاوازە لەم مۆمیاکراوەدا ئەوەیە کاهینەکان لەگەڵ مۆمیا ڕاستەقینەکەدا مۆمیایەکیتری لە مۆم دروستکراویان داناوە، بەمەبەستی یارمەتیدانی وەزیرەکە لەجیهانی دوەم، تەنانەت توانیویەتی لەبەردەم خواوەندەکانیش یارمەتی بدات و بەرگری لێبکات(حسن، ٢٠٠٧، ١٣٧)، تاکو ئێستا هیچ گۆڕێک یان گۆڕستانێکی سەردەمی هکسوسەکان نەدۆزراوەتەوە، ڕون نییە ئاخۆ لەم سەردەمەدا گرنگی بەکاری مۆمیاکردن دراوە یاخود نا (ڤرنر، ٢٠٠٥، ٥١٨)، سەردەمی دوای ئەوان کە بەسەردەمی ئیمپراتۆریی ناسراوە کاری مۆمیاکردن سەرکەوتنی زۆرباشی بەدەست هێناوە (الاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٠١)، سەردەمەکانی کۆتایی (دوای سەردەمی ئیمپراتۆریی) لەلایەن دەسەڵاتدارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانیش ئەم کارە گرنگی پێدراوە، تاکو سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ڕۆمەکانیش هەر بەردەوام بوە، بەڵام لەسەدەی چواری زاینی بەهۆی کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی مەسیحی گرنگی پێنەدراوە و وازی لێهێندراوە (باقر، ٢٠١٨، ٩٠).


**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021**

# باسی یەکەم

## ئەو پەرستراوانەی پەیوەستبون بە ژیانی دوای مردن و کرداری مۆمیاکردن

بەشێوەیەکی گشتی ئایینی کۆنی میسر ناڕاستەوخۆ دابەشبوە بۆ دو جەمسەری جیاواز یەکەمیان لای پیاوانی ئایینی کاری لەسەر کراوە لەپێناو چەسپاندنی ملکەچی دانیشتوان بۆ دەسەڵات کە زیاتر مەبەستیان پاراستنی بەرژەوەندی دەسەڵاتداران بوە، زیاتر پشتیان بەخودا مەزنەکان بەستوە و بانگەشەیان بۆکردون، لەجەمسەرەکەی‌تر دانیشتوانی ئاسایی پابەندبونێکی ڕۆحیان هەبوە و زیاتر خواوەندە ناوچەیی بچوکەکانیان باسکردوە، ئەمەش لە هەندێک لە نوسراوەکان و شێوازی مەراسیمەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام هەردوکیشیان پابەندبون بەئایینی فەرمی(دیاکونوف و کوفالیف، ٢٠٠٦، ١٤٧)، سەبارەت بە پەرستراوەکانی پەیوەست بەژیانی دوای مردن، ئەمانە چەند خودا و خواوەندێک بون ئەرکیان بەشداریکردن و چاودێریکردنی کرداری مۆمیاکردن و پاراستنی مردوەکان بوە، وەکو (ئوزیریس، ئیزیس، ئەنوبیس، جب، نوت، نفتیس، کوڕەکانی حورس، ...هتد)، هەریەکەیان بەجۆرێک ئەرکی خۆی ئەنجامداوە لەپێناو گەیاندنی مردوەکە بۆ ژیانێکی شایستە (ارمان، ١٩٩٥، ٢٨٤)، ئەمانە شێوەی تایبەتیان بۆ دروستکراوە و هەندێک جار شێوەیان گۆڕاوە، بۆنمونە خودای **(ئوزیریس)** لەشێوەی دارێک بوە قەدێکی ڕێکی هەبوە و چینێک گەڵای پێوە بوە، دواتر شێوەکەی گۆڕاوە چەند گوڵەگەنمێکیشی پێوە لکێندراوە، شێوەیەکی تریشی سندوقێک بوە گوایە ئەم سندوقە سەری ئەم خودایەی تێدا پارێزراوە، لە ئەبیدۆس هێماکەی مارێک و دو پەڕی باڵندە بوە یان پیاوێکی ڕیشدار بوە جەستەی بەڕەنگی سەوز و ڕەش ڕەنگکراوە، تاجێکی لەسەربوە و گۆچانێکیشی بەدەستەوە بوە (سەلیم، ٢٠١٤، ١٥٥-١٥٧)، سەبارەت بەم خودایە ئەفسانەیەک هەبوە بەمشێوەیە باسی کردوە، لە ئەنجامی ململانێی نێوانیان لەگەڵ براکەی کە (ست) بوە لەپێناو بەدەستهێنانی کورسی دەسەڵات (ئوزیریس) کوژراوە و پارچەپارچە کراوە و خراوەتە ناو سندوقێکی داخراو و فڕیدراوەتە ناو ڕوباری نیل، بەڵام لەلایەن هاوسەرەکەی کەناوی (ئیزیس) بوە پارچەکانی کۆکراوەتەوە و زیندو کراوەتەوە(ی، ١٩٩٩، ١٨٣-١٨٤؛ الخطیب، ٢٠٠٧، ٨٣)، بەهۆی ئەوەی (ئوزیریس) لەدوای مردن زیندوبۆتەوە و لەلای میسرییەکان بەنەمری ماوەتەوە، بوە بەخودای باڵا لەجیهانی دوەم(صالح، ٢٠٠٤، ٤٩٧-٤٩٩؛ مەزهەر، ٢٠٠٨، ٥٠-٥١)، لەناو گشت پەرستراوەکان بەتایبەت خوداکانی جیهانی دوەم (ئوزریس) دیارترین و خاوەن پێگەیەکی گرنگ بوە لەناو نوسراوی مردواندا بەمشێوەیە باسکراوە: ((شکۆداری بۆ ئوزیریس، خودای ئەبیدۆسی گەورە، پاشای نەمریی و گەورەی ژیانی بێ کۆتایی...))، لەجیهانی مردوان لەسەروی هەمو خواکانە و هەریەک لە پەرستراوەکانیتر وەکو (ئیزیس، نفتیس، تحوت، حورس، ئانوبیس) بەجۆرێک یارمەتیدەری ئەون بۆ پارێزگاریکردن و ڕزگارکردنی گیان و لاشەی مۆمیاکراوەکان (ارموار، ٢٠٠٥، ٣٢)، سەرباری ئەم هەمو گرنگی و پیرۆزیەی ئەم خودایە هەیبوە بەدرێژایی دەسەڵاتداریتی بنەماڵەکان، لە سەردەمی بانگەشە ئایینیەکەی ئەخناتونی پاشای بنەماڵەی هەژدە گرنگی نەماوە وەکو سەرجەم پەرستراوەکانیتر کەوتۆتە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ژێرکاریگەری یەکتاپەرستی و خواوەند ئاتون بەتەنها شوێنی هەموانی گرتۆتەوە(هورونخ، ٢٠١٠، ١٢٣)، **ئاتون** لە وێنە و داتاشراوەکاندا لەشێوەی خۆرێکی تیشکدار پیشاندراوە و پێشیان گوتوە (خودای ڕوناکی)، بەرپرسیار بوە لەژیانی پێش مردن و دوای مردن(هورونخ، ٢٠١٠، ١٠٣) خواوەند **(ئیزیس)** وەک ئاماژەی پێدراوە هاوسەری ئۆزیریس بوە، یەکێک بوە لەخواوەندە سەرەکیەکان وەکو خواوەندێکی مەزن پەرستراوە و قوربانی بۆکراوە، خواوەندی ئاسمان و زەوی بوە هەمان تایبەتمەمەندی خودای (رع)ی هەبوە لەهەردو جیهاندا باڵا دەست بوە(لالویت، ١٩٩٦، ٩٢)، بەپێی نوسراوێکی سەردەمی پاشا سیتی یەکەم(١٣١٢-١٣٠٠پ.ز) دەردەکەوێت، کە (رع) لەسەردەمی ئیمپراتۆریشدا ڕۆڵێکی زۆری هەبوە بە باوکی خواوەندەکان ناوبراوە، هەروەها واپیشاندراوە، کە دەتوانێت لەگەڵ زۆربەی خواوەندە سەرەکیەکان پەیوەندی هەبێت لەپێناو پارێزگاریکردن لەمۆمیاکراوەکان و هەوڵی ڕزگاربونیان بدات(بدج، ٢٠٠٠، ١٠٨-١١٠).

التاسع المقدس (اقواس التسعة) کۆمەڵەی ئەم خواوەندانە پێکهاتون لە نۆ خواوەندی سەرەکی، **(رع)** پلەیەکی باڵای هەبوە و خواوەندی ئاسمان و دروستکاری باڵابوە، **شو**(خودای هەوا) و **تفنوت**(خواوەندی هەور) دو خواوەندیان لێکەوتۆتەوە، کە بریتیبون لە **جب** (خواوەندی زەوی) و **نوت**(خودای ئاسمان) بون، ئەمانەش چوار پەرستراویتریان لێکەوتۆتەوە وەکو ئۆ**زیریس**(خودای مردن) و **ئیزیس**(هاوسەری ئۆزیریس) و **ست**(دوژمنی ئۆزیریس) و **نفتیس**(هاوسەری ست)، ئۆزریس و ئیزیس خودایەکیان بوە بەناوی (**حورس**) هەرچەندە ئەم خودایە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە نەبوە، بەڵام زۆربەی جار لەگەڵ ئەم پەرستراوانە ناوی هاتوە (ارمور، ٢٠٠٥، ١٧)، لەسەرچاوەی تردا واباسکراوە کە هەریەک لەخوداکانی (تحوت، ئانوبیس)یش ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە نین، تەنها لەگەڵ ئەمانەدا ناویان هاتوە(عصفور، دون سنة، ٧١)، خودای **حورس** هێماکەی سەری هەڵۆیەک بوە دانیشتوانی میسری کۆن پێیان وابوە باڵندەیەکی بەهێز و خاوەن توانایەکی زۆرە، بەهۆی ئەوەی توانای فڕینی هەبوە بۆتە دروستکەری پەیوەندی نێوان مۆمیاکراوەکان و خواوەندەکان لەئاسمان بە (خودای ئاسمانی مەزن) ناسراوە (نورالدین، ٢٠١٠، ٣١)، بەهۆی ئەوەی حورس لەدوای ئۆزیریس سەرکەوتوە بەسەر خواوەند (ست)دا، (رع) دەسەڵاتێکی زۆری پێداوە و (ئۆزیریس)یش وەکو نوێنەری خۆی ڕێگەپێیداوە کارەکانی ئەو ئەنجام بدات، واتە لەهەر شوێنێک و لەهەر کاتێکدا پێویست بوبێت بۆتە شوێن گرەوەی ئۆزیریس(الخطیب، ٢٠٠٧، ٨٣)، حورس لەگەڵ چەند پەرستراوێکیتردا وابەستەیی هەبوە و بەچەند شێوەیەک دەرکەوتوە، مرۆڤێک کە سەری هەڵوی هەبوە هێما بوە بۆ (رع)، هەڵو وەکو خۆی بەتەواوی هێمای (**خواوەند سکر**) کە خواوەندی مردوان بوە و لەگەڵ دەستەی مۆمیاکردن دەرکەوتوە (نورالدین، ٢٠١٠، ٣١)، ئەم خواوەندە شێوەکەی گۆڕاوە بۆ هەڵۆیەکی مۆمیاکراو لێرەدا پێیگوتراوە خواوەندی گۆڕستان یان جیهانی ژێرەوە (سەلیم، ٢٠١٤، ١٨٥)، کۆمەڵەی (اقواس التسعة) لەسەر تابوتی مۆمیاکراوەکان یان دیواری گۆڕستانەکان نەخشکراوە، ئاماژەیەک بوە بۆ خواوەندەکانی جیهانی دوەم، پێیان وابوە بەختەوەری بۆ لاشەی مۆمیاکراو بەدیدێنن (سعدالله، ٢٠٠٥، ٨٥).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خواوەند تفنوت** هێزی سروشت بوە، کاری کردوە بۆ بارین و زیادکردنی تیشکی خۆر و گەرمیەکەی، لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندی هەبوە بە مۆمیاکراوەکانەوە، لەگەڵ (شو، طیمو) سێکوچکەیەکیان پێکهێناوە و کاریان کردوە بۆ هەردو جیهانەکە (بدج، ٢٠٠٠، ١٠١-١٠٢)، **ئان پو** خواوەندی مردو و مۆمیاکراوەکان (گەورەی گۆڕستان)، شێوەی سەگ یان ڕێوی هەبوە لەشەودا چاودێری مۆمیاکراوەکانی کردوە و پارێزگاری لێکردون، ئەم خواوەندە تەواو پەیوەست بوە لەگەڵ مۆمیاکراوەکان، لەزمانی عەرەبیدا وشەی (لف)ی بۆ بەکارهاتوە لەو لەفافە چوێندراوە کە لەلاشەیەکی مۆمیاکراو پێچراوە و پارێزگاری لێیکردوە (خشيم، ١٩٩٨، ٣١٢)، **حتحور** شێوەکەی مرۆڤێک بوە دو گوێی مانگای هەبوە یان لەشێوەی مانگایەک بوە کە شیری داوەتە پاشای مۆمیاکراو، جگەلەوەی خواوەندی زیندوەکان بوە بە خواوەندی گۆڕستانیش ناسراوە و پارێزگاری لە مۆمیاکراوەکان کردوە (سەلیم، ٢٠١٤، ١٩٨)، هەر ئەم خواوەندە لەشێوەی مانگایەکی گەورە پیشاندراوە، چەند کەسێکی لەژێرەوە وەستاوە، پێیان وابوە سکی مانگاکە ئاسمانە و هەزارەها ئەستێرەی هەڵگرتوە، زەوی لەژێر قاچەکانیدایە، مرۆڤ لەژێر بەزەیی ئەم خواوەندە دایە لەجیهانی دوەم لە ئاسمان پێیان شاد دەبێتەوە (دورانت، ٢٠١٤، ٣٤٤-٣٤٥; Charles & Davis, 1895, 20)، **ئاتم** ئەم خودایە لەبنەڕەتدا خواوەندێکی باڵادەست بوە، توانیویەتی ئاسمان و زەوی لەیەکتری جیابکاتەوە و گەردون دروست بکات، لەنوسراوی مردوەکان (كتاب الموتى) سەبارەت بەکۆتایی جیهان قسەی لەگەڵ (ئوزریس) کردوە، پێی ڕاگەیاندوە هەمو دروستکراوەکان لەناودەبات و دوبارە بونەوەرەکان زیندو دەکاتەوە و دوبارە لەدایکدەبنەوە (خشيم، ١٩٩٨، ٢٨٧)، **سب** ناسراوە بە (ئیربا) لەبنەڕەتدا خودای زەوی بوە، بەڵام لەگەڵ مردواندا پەیوەندی باشی هەبوە چونکە پێیان وابوە خودای ئەو زەویەیە کە مردوەکان بەئارامی تیایدا دەمێنەوە، نازناوی باوکی خواوەندەکانی وەرگرتوە بەهۆی ئەوەی باوکی خواوەندەکانی (ئیزیس، ست، نفتیس) بوە (بدج، ٢٠٠٠، ١٠٢)، **(بتاح)** لەشێوەی پیاوێکی مۆمیاکراو وێنەکراوە بەجۆرێک پێچراوەتەوە هیچ ئەندامێکی جەستەی دەرنەکەوتوە، سەرپۆشێکی لەسەربوە و ملوانەیەکی پانی لەملدابوە سەرشانەکانیشی داپۆشیوە، سەردەمی دواتر شێوەکەی گۆڕاوە بۆ شێوەی گوێرەکەیەک ئاماژەی مۆمیاکردن و ناشتنی شایستەی پێوەدیاربوە (سەلیم، ٢٠١٤، ١٧٩).

**ئەنوبیس** ئەم خودایە چەند شێوەیەکی هەبوە، لەوانە کەمتیار، چەقەڵ، پیاوێک سەری سەگی هەبوە، خودای گۆڕستان و مردوەکان بوە و سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی شوێنی مۆمیاکردنی کردوە، نازناوی (خنتی ئمنیو)ی وەرگرتوە هاوشێوەی خودای مردوەکان لەخۆرئاوای نیل (سەلیم، ٢٠١٤، ١٨٦)، بەدرێژایی ماوەی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی میسر بەپیرۆز سەیرکراوە و پەرستراوە لەهەمو قۆناغەکانیشدا ئەرکەکەی بەنەگۆڕی ماوەتەوە بەشدار و چاودێری مۆمیاکردن بوە و لەدادگای کۆتایشدا ڕۆڵی زۆری هەبوە لە یارمەتیدانی مردوەکان(مەزهەر، ٢٠٠٨، ٥٢)، **خنسو** شێوەی گەنجێکی مۆمیاکراوی هەبوە هەردو قاچی پێکەوە پێچراوەتەوە مانگێکی لەسەر سەری هەڵگرتوە، ئەم خودایە چەند ئەرکێکی هەبوە یەکێک لەم ئەرکانە پاراستنی لاشەی مۆمیاکراو بوە (خشيم، ١٩٩٨، ٤٠٧)، **ئیزە** لەشێوەی هاوسەرێکی دڵسۆز و گریاو پیشاندراوە، وا درکەوتوە کە سەیری دەفرە کانوبیەکانی کردوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

(لەباسی داهاتو تیشک دەخەینە سەر دەفرە کانوبیەکان)، مەبەست لەم جۆرە پیشاندانە ئەوەبوە کە چاودێری جەستە و ئەندامە هەڵگیراوەکانی مۆمیاکراوەکەی کردوە (سەلیم، ٢٠١٤، ١٧٤)، **جیب** ئەمە خواوەندی زەوی بوە و یارمەتیدەری ئەو کەسانە بوە کە دوای مردنیان گەڕاونەتەوە ناو زەوی، واتە یارمەتیدەری کەسانی ئاسایی بوە (جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ٣٦٥)، هەروەها **ئیسفت** خواوەندی نەمری بوە، ژیانێکی نوێ و جێگیری بە مۆمیاکراوەکان بەخشیوە(جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ٢٩٣).

**تحوت** هێماکەی باڵندەیەکی کەنار ئاوەکان بوە لەشێوەی حاجی لەق لەق ، لەکاتی دادگایکردنی کۆتایی گوفتار و کرداری مۆمیاکراوەکانی نوسیوە، واتا ئەو وڵامانەی نوسیوە، کە مردوەکە لەبەرامبەر پرسیاری خواوەندەکان داویەتەوە، **مەعات** لەشێوەی سەگێکی دڕندە پیشاندراوە لەنوسراوێکدا بەمشێوەیە وەسفکراوە: ((لاشەیەکی ترسناکی وەکو ئەژدیها و سەرێکی نیمچە درێژی وەکو تیمساح و کەڵبەی تیژ و نینۆکی درێژ و تیژی هەبوە))، بەباسکردنی ترس و دڵەڕاوکێی خستۆتە دڵی مرۆڤ(مەزهەر، ٢٠٠٨، ٥٥)، سزای ئەو کەسانەی دەدا کە لە دادگای کۆتایی دەرنەدەچون، دوای ئەوەی لاشەی کەسەکە فڕێدەدرایە سەر زەوی ئەم خواوەندە دەگەیشتەسەری و پارچە پارچەی دەکرد(مەزهەر، ٢٠٠٨، ٥٥)، هەروەها **ڕوباری نیل** لەچەندین سەردەمدا وەکو خواوەند سەیرکراوە، پێیان وابوە هەمو دروستکراو و دەسکەوتەکان ئەو پێی بەخشیون تەنانەت دوای مردنیش سۆز و میهرەبانی بۆیان دەبێت (دورانت، ٢٠١٤، ٣٤٤ ;Gaston, 1911, 63-65).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## باسی دوەم

## پیرۆزكردنی مۆمیاكراوەكان بەئەنجامدانی كاری پێویست و پیشاندانی هێما و دەستەواژە ئایینیەكان، لەپێناو گرنگیدانی زیاتر بەژیانی دوای مردن

جیهانەکەی تر یان جیهانی دوەم مەبەست لە جیهانی دوای مردن بوە، لە میسر بەچەند شێواز و دەربڕینێک ئاماژەی بۆکراوە وەکو (ئاكر–Akir) بەواتای زەوی هاتوە و مەبەستیان جیهانی مردوەکان بوە لە زەویدا، (ئیمنت Imnnt، ئمتImt ، ئیمIm) بەواتای خۆرئاوا، مەبەستیان ئەو ناوچەیە بوە کە مردوەکانی بۆ چوە و خۆری لێوە ئاوا بوە، پێیان وابوە ئەگەر مردوەکە ببرێتە خۆرئاوا دوبارە زیندوبونەوە بەدەست دەهێنێتەوە وەک چۆن خۆر لەوێوە ئاوا دەبێت، بەڵام دوبارە لەڕۆژێکی نوێدا دەردەکەوێتەوە، هەروەها بەبۆچونی ئەوان خۆرئاوا ئەو شوێنە بوە، کە دوبارە لەدایکبونەوەی تیادا ڕودەدات، وشەی (ئیگرت Igrt) بەشێوەیەکی گشتی واتای جیانی مردوەکانی گەیاندوە (نورالدین، ٢٠١١، ٢٤٦)، هەروەها زاراوەی جیهانی ژێرەوەش بەکارهاتوە پێیان وابوە بەپێی کاتژمێرەکانی شەو دابەش کراوە بۆ ١٢ بەش یان چین، لە هەریەکێکیان لەلای خواوەندێکی تایبەت لە یەک کاتژمێری تایبەتدا چاودێری دەکرێت، هەمو ئەم خواوەندانەش لەژێر چاودێری خواوەندی ڕۆژ دابون و چاوەڕێی ئەوبون، لەگەڵ دەرکەوتنی تیشکی خۆر مۆمیاکراوەکەیان داوەتەوە دەست ئەم خواوەندە(عصفور، دون سنة، ٨٨)، بەشێوەیەکی گشتی جیهانی مردوەکان جیاکراوەتەوە بۆ دو بەشی سەرەکی، جیهانی پاشاکان لە ئاسمان بوە بە (دعوت Dawet) واتە جیهانی سەرو ناوبراوە (نورالدین، ٢٠١١، ٢٥٢)، ئەم جۆرە بیروباوەڕە زیاتر لەخزمەت پاشاکاندا بوە، بۆیە گرنگیدان بە مۆمیاکردن و مەراسیمی ناشتن و شوێنی ناشتن بەشی هەرە زۆری تایبەت بوە بە پاشاکان(ڤرنر، ٢٠٠٥، ٦٤)، تەنانەت بەختەوەری و گەیشتن بە خوداکان لەجیهانی دوەم بۆ کەسانی ئاسایی قەدەغە بوە و پێویستی نەکردوە ئەوان بەرەو شوێنی پاشاکان بڕۆن(حسن، ٢٠٠٧، ١١)، چونکە پاشا وەک چۆن توانیویەتی لە جیهانی یەکەمدا خزمەتیان بکات ئاواش لەجیهانەکەیتر شەڕیان لەسەر دەکات و هەرچیەکیان بوێت دەیگەیەنێت بە خوداکان، واتە لەجیهانی سەرەوە دەبێتە پردی نێوان خودا و ئەو هاوولاتیانەی لەجیهانی ژێرەوەدا دەمێنەوە(ڤرنر، ٢٠٠٥، ٥٢)، ئەو شکۆیەی پاشا لەجیهانی یەکەمدا هەیبوە بەهەمانشێوە لەجیهانی دوەمیشدا بەردەوامبوە و شتێکی نەگونجاو بوە وەکو کەسانی ئاسایی سەیربکرێت(کراچی، ٢٠٠٧، ٤٦)، جیهانی خواروش مەبەست شوێنێک لەناو زەوی، شوێنی ناشتنی کەسانی ئاسایی بوە و بە (دعت Daet) ناوبراوە (نورالدین، ٢٠١١، ٢٥٢).

چەند ئاماژەیەکیتری تایبەت هەبون لەلای میسرییە کۆنەکان بەگرنگ و پیرۆز بەکارهاتون، وەکو (کا، با، اخ، ایب، ...هتد) هەریەک لەمانە پەیوەست بون بە جەستە و گیانی کەسە مۆمیاکراوەکان (الاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٠٠)، بۆنمونە دەربڕینی (کا) ئاماژە بوە بۆ جەستەی دوەمی مردو، واتە جەستەی ئامادەکراوی (منداڵ، پیاو، ژن)، دوای


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

مۆمیاکردنی ئەم ئاماژەیەیان بۆ بەکارهێناوە (جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ١١٠)، (با) واتای وشەکە (دەرون-Psyche) یان (هێزی دەرونی-Psyche Force)ە، هێماکەی لەشێوەی باڵندە لەسەر گۆڕی مردوەکان یان تابوتی مۆمیاکراوەکان نەخشێندراوە، بەمەستی ئەوەی گیانی مۆمیاکراوەکەیە لەجیهانی دوەم پێی دەبەخشرێتەوە(خشیم، ١٩٩٨، ٣٣٢)، هەروەها دەربڕینی (ایب) مەبەستیان لەو دڵە بوە کە دوای مردن دەچێتە بەردەم دادگای (ئوزیریس)، ئامادەدەبێت بۆ لێپرسینەوە و بەرپرسیاریێتی هەمو چاکەو خراپەیەکی هەڵگرتوە، ئەگەر ئەو دڵە فەرمانی چاکەی کردبێت، ئەوا بەفەرمانی ئوزیریس ڕزگاری دەبێت و ژیانێکی نەبڕاوەی پێدەبەخشرێت، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی فەرمانی خواوەندەکان فەرمانی بە خراپە و شەڕانگێزی کردبێت، دەخرێتە بەردەم ئاژەڵی دڕندە دەچێتە شوێنێکی ناخۆش و پڕ لەئازار هاوشێوەی دۆزەخ (جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ١١٢). نوسراوی سەر یەکێک لەمۆمیاکراوەکان بەمشێوەیە باسی قۆناغی دوای مردنی کردوە، بەپێی ئەم نوسراوە مردن جیاکەرەوەی جەستە و گیان بوە، گیانی مردوەکە وەکو باڵندەیەک لە ئاسمان سوڕاوەتەوە و جەستەش لە زەویدا ماوەتەوە، بەشێک لەنوسراوەکە بەمشێوەیە بوە: ((...براکەم دەچێتە ئاسمان و لاشەی لە زەویدا پشو دەدات...))، (الاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٠١)، جەستەیەکی پارێزراو واتە مۆمیاکراو توانای ئەوەی هەبوە بگاتە لای خواوەندەکان و ژیانێکی تاهەتایی بەدەستبێنێت، بەهۆی ئەو کاریگەریە ئایینیە میسرییەکان هەوڵیانداوە باشترین کار ئەنجام بدەن لەپێناو پاراستنی لاشەی مردوەکانیان (نورالدین، ٢٠١٠، ٢١)، پێدەچێت لەسەردەمی ئیمپراتۆریی بەهۆی مۆمیاکردنی لاشەی مردو بەباشی، زیاتر دڵنیابوبن لەمانەوەی لاشە و تێکنەچونی، ئەمەش بەپێی ئەو بەڵگەیەی لە یەکێک لەنوسراوەکانی پەیوەست بەم کارە بەمشێوەیە ئاماژەی پێداوە: ((ئێسکەکانت ناشکێن، گۆشتەکەت شینابێتەوە، هیچ ئەندامێکی جەستەت تێکناشکێت هاوشێوەی خواوەندێک))، (الاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٠٠).

بەهۆی ئەوەی کرداری مۆمیاکردن لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی ئەنجامدراوە بۆیە کەسانی ئایینی باشترین و شیاوترین کەسبون بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، چەند کاهنێکی شارەزا و تایبەتمەند بەشداریان کردوە لەجێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەو کارانەی لەم پێناوەدا ئەنجامدراون(وفسکی،١٩٩٩، ١٧٥)، ئاساییە بگوترێت کاهنەکان شارەزا و داهێنەربون هەمو ئەو مادە و کەلوپەلانەیان ئامادەکردوە، کە پێویست بون بۆ مۆمیاکردنی لاشەی مردویەک، کاهنەکان سەرباری بڵاوکردنەوەی بۆچونی خورافی چەندین داهێنانی گرنگیشیان ئەنجامداوە، ئەو شارەزایەی هەیانبوە لە بوارەکانی پزیشکی و زانستی لەلایەکی تریش گونجاوی بارودۆخ و دەست کراوەییان زیاتر هاندەر بوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە گرنگە(دورانت، ٢٠١٤، ٣١٣)، هەریەک لەمانە ئەرکێکی دیاریکراوی هەبوە، بۆنمونە کاهنی تایبەت بە نوسین و نەخشاندنی مۆمیاکراوەکە هەبوە هەندێک نوسین و هێمای پیرۆزی لەسەر مۆمیاکراوەکە نەخشاندوە(وفسکی،١٩٩٩، ١٧٥)، هەمو ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدا لەپێناو ئەوەدابوە مردوەکە بەپیرۆزی و بەپارێزراوی بگەڕێتەوە لای خودا و لەدادگای لێپرسینەوەدا (دادگای ئوزیریس) قبوڵکراو و سەرکەوتوبێت و ئەو ژیانەی دەست بکەوێت کە ئەوان دەیانەوێت و شایستەی خۆیەتی، بگات بەهەمان ئەو ژیانەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

کە پێشتر لە جیهانی یەکەمدا هەیبوە و هەمو ئەو شتانەی دەست بکەوێتەوە کە هەیبوە (جیار و ریترز، ٢٠٠٨، ١١٠-١١١).

بەشێوەیەکی گشتی کرداری مۆمیاکردن بە سێ ڕێگا ئەنجامدراوە، هەریەک لەم ڕێگایانە لەلایەن دانیشتوانی میسر بەپێی پێگە و داهاتی خۆیان هەڵبژێردراون، ڕێگای یەکەم سەرەکیترین و گرنگترین ڕێگا بوە، کات و خەرجی و ماندوبونی زۆری ویستوەو تایبەت بوە بە لاشەی پاشاکان(صالح، ٢٠٠٠، ٢٨-٢٩)، بەمشێوەیە ئەنجامدراوە لاشەی مردوەکەیان وەرگرتوە لەشوێنێکی تایبەت لەلایەن کەسانی تایبەت دەستیانکردوە بەئەنجامدانی کارەکە، شوێنەکە پێیگوتراوە (بر نفر) واتە ماڵی جوان بەشێوەیەکی جوان و دیار دروستکراوە، لەناوەدا لەچەند بەشێک پێکهاتوە، بەشێکی سەرەکی پێیگوتراوە (ایبو) بۆ پاککردنەوەی لاشە بەکارهاتوە، بەشێکیتر پێیگوتراوە (وعبت) لەم شوێنەدا کاری مۆمیاکردن ئەنجامدراوە، ئەو کەسەی کاری بڕین و کردنەوەی جەستەی مردوەکەی کردوە پێیگوتراوە بڕەڕ یان نەشتەرگەر(القاطع أو الجراح)، ئەو کەسەش کە ئەندامەکانی ناوەوەی جەستەی دەرهێناوە پێیگوتراوە نوسەر(الكاتب)، ئەم جۆرە وەرشانە زۆربەیان لەلای خۆرئاوا دروستکراون(صالح، ٢٠٠٠، ٢١-٢٢)، سەرەتا لەڕێگەی لوتەوە مۆخیان دەرهێناوە و ناوەوەی کەلەی سەریان پاککردۆتەوە و بەکەتان یان لم پڕیان کردۆتەوە و کونەکانی گوێ و چاو و لوت و دەمیان داپۆشیوە و بەکەتیرە یان مێوی هەنگوین بەتەواوی دایانخستون(صالح، ٢٠٠٤، ٤٩٣)، ئینجا لەڕێگەی برینێکەوە لای ڕاستی سکیان کردۆتەوە و ئەندامەکانی ناوەوەی جەستەیان دەرهێناوە جگە لە دڵ، هەریەک لە ئەندامەکانی (جگەر، گەدە، ڕیخۆڵە، سیەکان) بەجیا خستویانەتە ناو کوپەڵەیەکی دیاریکراو، ئەم کوپەڵانە بەیەکەوە پێیان گوتراوە کوپەڵەکانی کانوبی(الاواني الكانوبية)، دوای ئەوەی ئەندامەکانیان خستۆتە ناوی گیراوەیەکی تێکراوە و سەرەکانیان بەتەواوی داخراوەتەوە و لەگەڵ مۆمیاکراوەکە پارێزراون(دورانت، ٢٠١٤، ٢٦٦)، ئەم کوپەڵانە بەپێی سەردەم گۆڕانکاریان بەسەرداهاتوە، پێشتر سەری هەریەک لەم دەفرانە لەشێوەی دەموچاوی کەسە مۆمیاکراوەکە دروستکراوە، بەڵام لەسەردەمی ئیمپراتۆرییدا شێوەیان گۆڕاوە، سەری هەریەکەیان لەشێوەی کوڕەکانی حورس (ئامستی لەشێوەی مرۆڤ، حابی لەشێوەی مەیمون، دوا-موتف لەشێوەی چەقەڵ، قبح-سنوف لەشێوەی هەڵۆ) دروستکراون، هەریەک لەمانە بەرپرس بون لەو ئەندامانەی لەناویاندا پارێزراوە(جیار و ریترز، ٢٠٠٨، ١٩٠)، ئامستی پارێزگاری لە جگەر، حابی پارێزگاری لە سییەکان، دوا-موتف پارێزگاری لە گەدە، قبح-سنوف پارێزگاری لە ڕیخۆڵەکان کردوە(صالح، ٢٠٠٠، ٤٤؛ سعدالله و عبدالحمید، ٢٠١٨، ٤)، بەمشێوەیەی لەوێنەکەدا دیارە:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021



وێنەی کوپەڵەکانی کانوبی(الاوانی الکانوبیة)، وەرگیراوە لە(سلام، ٢٠١٨، ١٠٩)

دوای دەرهێنانی ئەندامەکانی ناوەوە لاشەکەیان بەتەواوی پاککردۆتەوە و بۆماوەی ٧٠ ڕۆژ خستویانەتە ناو گیراوەی خوێی نیترۆن، دواتر دەریانهێناوە و وشکیان کردۆتەوە و تەواوی جەستەیان بە چەند چینێک پارچە کەتانی باریک لەشێوەی لەفاف پێچاوەتەوە و بەمادەی وەکو قیر یان کەتیرە دایانپۆشیوە (دورانت، ٢٠١٤، ٢٦٦)، جەستە مۆمیاکراوەکە بەڕەنگی سور ڕەنگکراوە وەک هێمایەک بۆ خوێنی خواوەند ئیزیس بۆئەوەی یارمەتیدەربێت بۆ زیندوبونەوە و نزیکبونەوە خودای ئوزیریس(نورالدین، ٢٠١١، ١٢٩)، یەکێک لە کارە گرنگەکانی دەستەی ئەنجامدەری مۆمیاکردن هەوڵدان بوە بۆ هێشتنەوەی شێوازی بنەڕەتی مردوەکە بۆئەوەی لەبەردەم خوداکان وەکو خۆی دەرکەوێت و ڕێزی لێبگیرێت، سەرەڕای ئەمەش یەکێک لە مۆمیاکراوەکان کە لە ساڵی (١٨٥١ی زاینی) دۆزراوەتەوە بەشێک لەپێستی سەری لابراوە، بەڵام پێدەچێت ئەمە بەکردارێکی نەویستراو ڕویدابێت (جیار و ریترز، ٢٠٠٨، ١٣٧-١٣٨)، بۆیە دەگوترێت بڕینی بەشێکی پێستی سەری مۆمیاکراوەکە گونجاو نییە لەگەڵ ئەم هەمو هەوڵەی کەسانی تایبەتمەند ئەنجامیانداوە، چونکە ئەمانە کەسانی بەتوانا بون و کاری باشتر و قورستریان ئەنجامداوە لەپێناو پاراستنی لاشە، میسرییەکان دوای تەواوکردنی کاری مۆمیاکردنەکە چەندین چالاکی تریان لەم پێناوەدا ئەنجامداوە، وەکو ئامادەکردنی تابوت و شوێنی ناشتن لەشێوەی خانو یان شوێنی داخراو و ئامادەکردنی مەراسیمی گەورە و شایستە و دانانی کەلوپەلی جۆراوجۆر (الاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٠٠)، گرنگیپێدانەکانیان بۆتە هۆکاری ئەوەی لاشە مۆمیاکراوەکان بۆماوەیەکی زۆر بەشێوەیەکی باش و پارێزراو بمێنەوە بەجۆرێک تەمەنی هەندێک لەمۆمیاکراوەکانیان نزیکی پێنج هەزار ساڵە (وفسکی،١٩٩٩، ١٧٢) .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

دوای ئەوەی کاری مۆمیاکردن تەواوبوە لاشە مۆمیاکراوەکەیان خستۆتە ناو تابوت، شێوە و قەبارەی تابوت بەپێی سەردەم گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە و گەشەی کردوە، سەردەمی ئیمپراتۆریی تابوتەکان لە دار یان بەرد لەشێوەی جەستەی مردوەکە دروستکراون، وێنەی دەموچاوی کەسەکە لەسەر تابوتەکە هەڵکۆڵدراوە، لەڕوی دەرەوەی چەندین وێنە و هێما و ئاماژەی ئایینی نەخشێندراوە، وەک ئەم نمونەیەی خوارەوە:



وێنەی دو تابوتی سەردەمی ئیمپراتۆریی، وەرگیراوە لە(Murray, 1910, 10)

لەسەر هەندێک لەتابوتەکان وێنەی پەرستراوەکانی (ئۆزیریس، ئیزیس، نوت، ئانوبیس، نفتیس) دروستکراوە، بۆئەوەی ئەم پەرستراوانە یارمەتی مۆمیاکراوەکە بدەن(الخطیب، ٢٠٠٧، ١١٤-١١٥)، پارچەیەک کەڵبەی فیل(عاج) لەگەڵ مۆمیاکراوەکە خراوەتە ناو تابوت وێنەی هەندێک گیانلەبەری لەسەر دروستکراوە وەکو شتێکی پیرۆز توانای پاراستنی لاشەکەی هەبوە(ارمان، ١٩٩٥، ٣٥٥)، دەستەی مۆمیاکردن و هەمو ئامادەبوان نزایان بۆ مردوەکە کردوە و هەندێک لەنزاکان و دەستەواژە و هێمای پیرۆز لەسەر تابوتەکەی نەخشێندراون(نورالدین، ٢٠١١، ١١١)، هەندێک هێمای پیرۆز دروستکراوە بەمەبەستی پاراستنی لاشەکە (جیار و ریترز، ٢٠٠٨، ٨٦)، لەسەر مۆمیاکراوەکانی شاری (طیبە) وێنەی (کوڕەکانی حورس) دروستکراوە، کە لاشە و دڵ و گیانی مۆمیاکراوەکەیان هەڵگرتوە (جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ١١١)، لەسەر یەکێک لە تابوتەکان نوسراوە ((خێرا برۆ بۆئەوەی پشو بدەی...)، وابیریان کردۆتەوە ئەوەی لەجیهانی دوەم چاوەڕوانی دەکات لەسەر زەوی و لەجیهانی یەکەمدا دەستناکەوێت (الاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٠١)، هەندێکجار لەئاست دەموچاوی مۆمیاکراوەکە لەسەر تابوتەکەی وێنەی خواوەندەکان دروستکراوە، ئەگەر مردوەکە ئافرەت بوبێت وێنەی خواوەند (ئیزیس) و ئەگەر پیاویش بوبێت وێنەی خودا(ئۆزیریس)یان بۆ داناون (جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ١٣٧)، زامار وفسکی ئاماژەی بەوە داوە، دوای ئەوەی مۆمیاکە هەمو کارەکانی بۆ ئەنجامدراوە تاکو (٧٠) ڕۆژ نەبراون بۆ شوێنی ناشتن، لەبیروباوەڕی میسرییە کۆنەکان ئەم ماوەیە پێویستە بۆ دوبارە گەڕانەوەی گیانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021


مۆمیاکراوەکە و ڕۆیشتن و گەیشتن بەجیهانی دوەم، هەروەها (ئۆزیریس)یش پێویستی بەم کاتەیە بۆئەوەی ئامادەبێت بۆ بینینی مردوەکە (١٩٩٩، ١٧٥).

لەسەردەمی بنەماڵەی هەژدە لەگەڵ مۆمیاکراوەکان نوسراوێک لەسەر پەڕەی پاپیروس نوسراوە خراوەتە ناو تابوتەکە، نوسراوێکی تەواو ئایینی بوە و تایبەت بوە بەژیانی دوای مردن، هەندێک نزا و هێماو دەستەواژەی ئایینی لەسەر نوسراوە، بەمەبەستی پاراستنی مۆمیاکراوەکە لەڕۆژی لێپرسینەوەی کۆتایی، پێیان وابوە ئەمانە یارمەتیدەری دەبن بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەم ڕۆژەدا ئاراستەی دەکرێن و بەختەوەری دەکەن (جیار و ریترز، ٢٠٠٨، ٨٦)، نمونەیەک لەم جۆرە نوسراوانە کە لەشێوەی سازشکردنی مردوەکە بۆ خواوەندەکان بوە بەمشێوەیە نوسراوە: ((من لۆمەی خەڵکم نەکرد، خەڵکم نەخەڵەتاندوە، ...، من کەسم نەکوشتوە فرمانم نەکردوە بۆ کوشتن، من هیچی خراپم نەکردوە، ...، من پاکم من پاکم من پاکم))(صالح، ٢٠٠٤، ٤٩٦)، لەنوسراوێکیتردا باس لەگەشتی پاشای کۆچکردو کراوە کە بەئاسمانەکان و بەناو ئاودا گەشت دەکات، بەبۆچونی دانیشتوانی کۆنی میسر زۆربەی چالاکیەکانی پێش مردن و دوای مردن پەیوەندی بەڕوباری نیلەوە هەبوە، بۆیە لەنوسراو و ئاماژەکانی پەیوەست بەمردوەکان گرنگی بە ئاو و چالاکییە ئاوییەکان دراوە(الخطیب، ٢٠٠٧، ١١٠)، دانیشتوانی ئەم وڵاتە لە دو لایەنەوە زۆر گرنگیان بە مردو داوە، یەکەمیان کاری مۆمیاکردن لەیەکەم هەنگاو تاکو خستنە ناو تابوت و ئامادەکردنی بۆ ئارامگە بەوپەڕی دڵسۆزی و پابەندی ئایینی ئەمەیان ئەنجامداوە، دوەمیشیان شوێنی ناشتن یان هەڵگرتنی مۆمیاکراوەکان، لەپێناو ئەوەی دڵنیابن لەمانەوەی لاشەی مردوەکە (وفسکی، ١٩٩٩، ١٧١)، ئەمانە دو پرسی زۆر گرنگ بون بۆ ئەوان، بۆیە لەلایەن کەسانی تایبەتمەند و شارەزا بەئاگاداری زۆرینە ئەمەیان کردوە و مەراسیمی تایبەتیان بۆی ئەنجامداوە (وفسکی، ١٩٩٩، ١٧٧).

لە سەرەتای مەراسیمی ناشتنی مۆمیاکراوەکان گیراوەیەکیان بەتابوتەکەدا پرژاندوە بەبۆچونی ئەوان ئەمە لیکی خواوەند (ست) بوە بەمەبەستی پاککردنەوەی گیان و لاشەی مردوەکە، ئەمە ڕاسپاردەی خودا (حورس) بوە و گوتویەتی (ست) دەتوانێت هەمو ئەو ئەرکانە ئەنجام بدات، کە من دەتوانم، واتە وەکو ڕێگەپێدراو یان نوێنەری خۆی ناساندویەتی (سەلیم، ٢٠١٤، ١٧٧-١٧٨)، ئەم مەراسیمە بەشێوەیەکی فەرمی بەئامادەبونی ژمارەیەکی زۆری لە کاهن و کەسانی تر لەچین و توێژە جیاوازەکان بەڕێوەچوە(الخطیب، ٢٠٠٧، ١١٠)، بەشێکیان پێکهاتون لە کەسە نزیکەکانی پاشا، ئەمانە شانازیان کردوە بە بەشداریکردن لە ماڵئاوایی کۆتایی پاشاکەیان و بەڕێکردنی بەرەو جیهانی دوەم، ئەمانە کەلوپەلی جۆراوجۆریان هێناوە، کە خۆیان دروستیانکردوە یان بەرهەمیان هێناوە وەکو دیاری پێشکەشیان کردوە(ڤرنر، ٢٠٠٥، ٦٥)، دەستەیەک لەپیاوانی ئایینی سروت و نزایان گوتۆتەوە و بەدوری مۆمیاکراوەکەوە بخوریان سوتاندوە، کۆمەڵێک سەماکار کە پێیان گوتراوە (مو) بەجلوبەرگێکی تایبەتیەوە سەمایان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

کردوە، ئەم جۆرە مەراسیمە تەنها بۆ پاشاکان ئەنجامدراوە، ئەمەی خوارەوە نمونەیەکە لەشێوازی بەڕێکردنی پاشای مۆمیاکراو.



وێنەی مەراسیمی بەڕێکردنی پاشای مۆمیاکراو، وەرگیراوە لە(جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ١٢٦)

جگە لەپاشا مەراسیمی ناشتن بۆ کەسانیتریش ئەنجامدراوە، بەڵام بە مەراسیمێکی بچوکتر و بەئامادەبونی ژمارەیەکی کەمتر لە کەسەکان(الخطیب، ٢٠٠٧، ١١٧)، دوای گەیاندنی مۆمیاکراوەکە بۆ ئارامگەکەی پێویست بوە چەند کاهینێک لەم شوێنەدا بمێنەوە و بەردەوام چاودێری و خزمەتی پاشا مردوەکە بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەمە کارێکی ئاسان نەبوە گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە لەجیات ئەمە لەسەر دیواری ئارامگەکاندا ئەمەیان بەوێنە دروستکردوە، بەجۆرێک وێنەی هەندێک لەخواوەندەکان و کاهینەکانیان کردوە کە یارمەتی پاشایان داوە، لەگەڵ ئەمانەشدا چەندین نوسراوی ئایینی و جادوییان نوسیوە(الخطیب، ٢٠٠٧، ١١٠).

بۆ ناشتنی مۆمیاکراوەکان چەند ناوچەیەک دەستنیشان کراون لەپێناو پاراستنی لاشەکان، وەکو ناوچەکانی(جیزە، دهشور، سقارە، منفس، طیبە، اسیوط، ابی دوس، قبطوس، ...هتد)، هەریەک لەمانە بەهۆی تایبەتمەندیە جوگرافی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان کراون (جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ١٠٤)، یەکێک لەشوێنە تایبەت و گرنگەکان گۆڕستانی دۆڵی پاشاکان بوە، ئەم گۆڕستانە تایبەت بوە بە ناشتنی مۆمیای پاشاکان، ئەم شوێنەوارە کەوتۆتە خۆرئاوای نیل گرنگیەکی زۆری پێدراوە و ژمارەیەکی زۆری پاشاکان بەتایبەت پاشایانی سەردەمی ئیپراتۆریی لەم شوێنەدا نێژراون(دورانت، ٢٠١٤، ٢٧٢)، لەگەڵ ئەوەی ڕوبەرێکی فراوانی نییە، بەڵام گرنگیەکی زۆری پێدراوە نزیکی پێنج سەد ساڵ بنەماڵەکان بۆ ناشتنی مۆمیاکراوەکان سودیان لێوەرگرتوە(سیف الدین و اخرون، ١٩٩٨، ٩٩)، دوای شۆرشی ئایینی ئامنحوتبی چوارەم(ئەخناتون) و کاریگەری ئایینی یەکتاپەرستی ئاتون، گرنگی بەکاری مۆمیاکردن دراوە و سود لەم گۆڕستانە وەرگیراوەتەوە(الجمال، ٢٠١١، ٢١٦).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

یەکێک لە مۆمیاکراوە گرنگ و سەرنج ڕاکێشەکانی ناو ئەم گۆڕستانە مۆمیای (توت عنخ ئامون)ی پاشای بنەماڵەی هەژدەیە(سیف الدين و اخرون، ١٩٩٨، ٩٩)، دوای ئەوەی دەستەی پشکێنەر گەیشتونەتە ناوگۆڕەکە سەریان سوڕماوە، ئەم گۆڕە بەراورد بەکەمی ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم پاشایە کە نزیکی هەشت ساڵی خایاندوە هەروەها بەراود بە گۆڕی پاشا بەهێز و دەوڵەمەندەکان گرنگیەکی زۆری پێدراوە و خەرجی زۆری بۆ تەرخانکراوە(Carter, 1963, 25)، لەگۆڕەکەیدا سەرباری خودی مۆمیاکراوەکەی کە بەتەواوی لەژێر کاریگەری ئایینیدا ئەنجامدراوە، چەندین ئاماژەی ئایینی تر بەدیکراوە بۆنمونە لەسەر دیواری ئارامگەکەیدا وێنەی کەسێک دروستکراوە کە جلوبەرگی کاهینی لەبەردایە دەمی توت عنخ ئامونی کردۆتەوە، ئەمە ئاماژەیەکی تەواو ئایینیە کە مەبەست لێی یارمەتیدانی مۆمیاکراوەکەیە بۆ خواردن و خواردنەوە و بۆ قسەکردن و وڵامدانەوە لە دادگایی دوایی(اديب، ١٩٩٧، ١٩٧).

سەبارەت بە مۆمیای توت عنخ ئامون دەرکەوتوە کە لەتابوتێکی سێ چیندا پارێزراوە چینی دەرەوە بە زێڕ ڕوپۆشکراوە و وێنەی دەموچاوی ئەم پاشایەی لەسەر دروستکراوە، لەدەوروبەری مۆمیاکەدا چەندین کەلوپەلی گرانبەها دانراوە، کە بریتیبون لە ژمارەیەکی زۆری بابەتی جوانکاری کە لەبەردی گرانبەها و کەڵبەی فیل و زێڕ دروستکراون، هەروەها چەند دەفرێکی خواردن هەڵگرتن و جلوبەرگی تایبەتی پاشا، باس لەوەکراوە گۆڕەکە بەهۆی ئەوەی داخراو بوە کەلوپەلەکانی و مۆمیاکراوەکە بەپارێزراوی بە بەڕێکخراوی ماونەتەوە تەنانەت کەش و هەوای ناو گۆڕەکەش جیاوازی هەبوە لەگەڵ دەرەوە(سميث، بێ ساڵی چاپ، ٩-١٢)، دوای گەیشتن بە گۆڕەکە و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ شوێنەوارەکان، هەوڵدراوە تابوتی توت عنخ ئامون بکەنەوە و مۆمیاکەی بپشکنن، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەک لەکەسانی پسپۆڕییە جیاوازەکانی وەکو (شوێنەوارناسی، پزیشکی، کیمیایی، ...هتد)، دوای کردنەوەی تابوتەکە چینی یەکەمی مۆمیاکە کە بە مۆمی پارڤین داپۆشراوە لەسەرەوە تا قاچەکانی بەتەواوی شەقکراوە، دوای بڕینی ئەم چینە دەرکەوتوە، کە لاشەکە بەچەند چینێکی کەتانی شێوە لەفاف پێچراوەتەوە چینی یەکەمی بەمادەیەکی وەکو خەڵوز ڕەشکراوە، لەناو چینی لەفافەکە پارچەی جوانکاری گرانبەها دانراوە(Carter, 1963, ٣٨)، تاجێکی زێڕینی گرانبەهای لەسەر بوە، قاچەکانی بەپارچەی زێڕ داپۆشراون، دەستەکانی بەرەو سنگی نوشتاوەتەوە و دو قالۆچەی گەورەی دروستکراو لەزێر خراوەتە سەر سنگی، هەمو سنگی بە دو پارچە زێری گەورە داپۆشراوە یەکێکیان هێمای پڵنگێکی میسری سەرو و ئەویتریان هێمای ماری میسری خواری لەسەر دروستکراوە، دەموچاوی بەهۆی ئەو دەمامکە ئاڵتونییە پتەوەی لەسەریەتی نەتوانراوە پشکنینی تەواوی بۆبکرێت، پێدەچێت کەللەی سەری لەهەمو شوێنەکانیتری جەستەی کاری مۆمیاکردنەکەی باشتر بۆ ئەنجامدرابێت، شتێکیتر جێگای سەرنجی شوێنەوارناسە ناوخۆییەکانە ئەویش ئەوەیە لەکاتی ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتی کۆتایی سەبارەت بە دۆزینەوە و پشکنینی مۆمیای توت عنخ ئامون شتی گوماناوی بەدیکراوە، بۆنمونە شوێنەوارناسی بەریتانی (کارتر) کە بەشداربوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لەدۆزینەوەی ئەم مۆمیاکراوە ڕایگەیاندوە نوسراوێک لەناو تابوتەکەیدا هەبوە، بەڵام ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەداوە کە هیچ نوسراوێک و هیچ کاغەزێک لەناو تابوتەکەدا نەبوە(ڤرنر، ٢٠٠٥، ١٩٣-١٩٧).

گۆڕی (رمسیسی سێیەم)ی پاشای بنەماڵەی نۆزدە لە شاری جابو دۆزراوەتەوە، یەکێکیترە لەو گۆڕانەی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئایینی ڕونی پێوەدیارە، شوێنی هەڵگرتنی لاشە مۆمیاکراوەکەی بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش ئامادەکراوە، ژورێکی گەروە تا کاتی دۆزینەوەی جگە لە کرێکار و کاهینەکان کەسیتر نەچۆتەناوی، ئەم ژورە ڕاڕەوێکی تاریکی لەبەردەمە بۆئەوەی پاشای مردو لەم شوێنە چاوەڕێی خودای ئانوبیس بکات، مۆمیاکە خراوەتە ناوتابوتێکی دار بەشێوەیەکی جوان ڕازێندراوەتەوە و چەندین کەلوپەلی گرانبەهای لەگەڵ دانراوە(فیفر، دون سنة، ١٤٥)، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ زۆربەی مۆمیاکراوەکان و لەشوێنی ناشتنیان چەندین کەلوپەل و پێداویستی دانراوە، وەک ئاماژەی پێدراوە ئەمە خزمەتێکی تەواو ئایینی بوە بۆئەوەی پاشای ناوبراو لەجیهانی دوەم ئەو شتانەی لابێت، کە پێویستی پێی دەبێت و ئارامی پێدەبەخشێت، بۆچونی دانیشتوانی میسری کۆن وابوە کە مۆمیاکراوەکە دەتوانێت هەمو ئەوشتانەی لەلایەتی هاوشێوەی ژیانی پێش مردنی بەکاریان بێنێت و سودیان لێوەربگرێت (جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ١٠٣ ;Gaston, 1911, 104)، هەندێک جار زیاد لەپێویست و زیاتر لەسەردەمی ژیانی ئاسایی گرنگیان بەشوێنی ناشتنی مردەوەکان داوە، لەڕوی ئامادەکردن و دروستکردنی ئارامگەکەی و دانانی پێداویستی جۆراوجۆر لەگەڵ مۆمیاکراوەکان (وفسكي، ١٩٩٩، ١٨٣)، بەڵام لەسەردەمەکانی کۆتایی و لەگەڵ پەرەسەندنی بیری مرۆڤ لەهەندێک ناوچە هێما و وێنەکان شوێنی شتە ڕاستەقینە و گرانبەهاکانیان گرتۆتەوە، بۆنمونە وێنەی چاندنی دانەوێڵە یان دروێنەکردنی کشتوکاڵ یان سەربڕینی ئاژەڵ و پیشاندانی گۆشتەکەی لەسەر دیواری ئارامگەکان لەجیات دانانی خۆراک بوە، پێدەچێت بەمەبەستی کارئاسانی و کەمکردنەوەی خەرجی ئەمە ئەنجامدرابێت (دورانت، ٢٠١٤، ٢٦٦).

میسرییە کۆنەکان سزای توندیان داناوە بۆ ئەو کەسانەی ویستبێتیان زیان بەمۆمیاکراوەکان یان شوێنی ناشتنیان و پێداویستییەکانی دەوروبەریان بگەیەنێت، دوایان لەکاهینەکان کردوە ڕێگە نەدەن کەسانی سەرپێچیکار کاری خراپ بەرامبەر مۆمیاکراوەکان ئەنجامبدەن، ئەوان(کاهینەکان) داوا لەخواوەندەکان بکەن سزای توندی ئەو کەسانە بدەن و لەسەر زەوی نەیانهێڵن (جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ١٣١)، سەرەڕای ئەمە نەتواندراوە بەتەواوی ڕێگریان لێبکرێت، سەردەمی دوای ئەم پاشایە باس لەدزینی کەلوپەلی ناو گۆڕەکان تەنانەت دزینی لاشەی مۆمیاکراوی پاشاکانیش کراوە(سيف الدين و اخرون، ١٩٩٨، ١٢٧).

دوای جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی مۆمیاکردن و ناشتن، پرسی دادگایکردن و لێپرسینەوەی مردوەکە یەکێک بوە لەباسە گرنگەکان، میسرییە کۆنەکان پێیان وابوە هاوشێوەی ڕێوڕەسمی دادگایکردنی جیهانی یەکەم، لەجیهانی دوەمیش ئەم کردارە ڕوبەڕوی مرۆڤە مردوەکان دەبێتەوە و هەمویان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، (وفسكي،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

١٩٩٩، ١٧٩؛ عصفور، دون سنة، ٨٩)، لەجیهانی دوەمدا دادگایکردن بەمشێوەیە ئەنجامدراوە: ئوزیریس لەسەر تەختێک دانیشتوە و لەپشتەوەی هەندێک هێمای پیرۆز دروستکراوە و کوڕەکانی حورس وەکو چوار پەرستراوی سەرەکی لەبەردەمیدان و لەگەڵیاندا ژمارەیەک دادوەر لەشێوەی مرۆڤ هەندێکیان سەری ئاژەڵیان هەیە، وێنەی تەرازویەک هەیە کە بەمەبەستی جیاکردنەوەی کاری باش و خراپی مردوەکە دانراوە (جیار و ریتر، ٢٠٠٨، ١١٢؛ سعدالله و عبدالحمید، ٢٠٠٨، ٥٣)، لەتەنیشت ئەم تەرازوە خودا ئانوبیس وەستاوە، ئەرکی ئەم خواوەندە لەم دادگایکردنەدا بردنی مردوەکەیە بۆ نزیک تەرازوەکە و بەردەم ئوزیریس لەگەڵ ئەوەشدا کاری ڕێکخستنی تەرازوەکەی ئەنجامداوە (سەلیم، ٢٠١٤، ١٨٧ ;Museum, 1904, 65)، بەمشێوەیەی لەوێنەکەدا پیشاندراوە:



وێنەی دادگایکردنی کۆتایی لەجیهانی دوەم، وەرگیراوە لە(Charles & Davis, 1895, 270)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

کاری باش و خراپی مۆمیاکراوەکە بەپێی ئەنجامی پرسیارەکان دیاریکراوە، دوای ئەوەی وڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە و دادگایکردنەکە تەواوبوە، ئەگەر وڵامەکان ڕاست و دروست و بەدڵی خواوەندەکان بوبێت مۆمیاکراوەکە ڕزگاری بوە و چۆتە لای ئۆزیریس، واتە گەیشتوە بە بەختەوەری و نەمری تاهەتایی، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی بگاتەوە بەو دەسکەوتانەی لەجیهانی یەکەمدا هەیبوە و توانیویەتی هەمو ئەو کەسانە ببینێتەوە لەجیهانی یەکەم ناسیونی (وفسکی، ١٩٩٩، ١٨١)، هەتا هەندێک لەپاشاکان وایانزانیوە و ڕایانگەیاندوە دوای تەواوبونی دادگایکردنەکە و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوداکان دەگەنەوە ئاستی ئۆزیریس و بەنەمری دەمێننە، ئەم بڕوایە لەناو دانیشتوانیشدا پەرەی سەندوە هەمان بۆچونیان بۆ دروست بوە (سەلیم، ٢٠١٤، ١٦٠)، ئەگەر کەسێکیش لە دادگایکردنەکە نەیتوانیبێت وڵامی باش بداتەوە و بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت، وەک ئاماژەی پێدراوە خراوەتە سەرزەوی بۆ بەردەم خواوەند مەعات کە خواوەندی سزادانی تاوانباران بوە و سزای داوە بەترساندن و پارچەپارچەکردن بەمەش کۆتایی بەڕۆڵی ئەو کەسە هاتوە، بەپێچەوانەی ئەوانەی ڕەزامەندی خودایان بەدەستهێناوە و گەیشتون بەنەمری تاهەتایی(مەزهەر، ٢٠٠٨، ٥٥).

## ئەنجام:

دوای تەواوبونی توێژینەوەکە گەیشتینە چەند ئەنجامێک، گرنگترنیان ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم:** دەرکەوتنی بیروباوەڕی ئایینی لە میسری کۆن مێژوییەکی دوری هەیە، فرەخواوەندی بۆتە هۆکاری دابەشکردنی ئەرکی خواوەندەکان، خواوەندەکانیان جۆراوجۆربون و ژمارەیان زۆربوە بۆ هەر ناوچەیەک و بنەماڵەیەک و ناوچەیەک گونجاو بوە خواوەندی تایبەت بەخۆی هەبێت.

**دوەم**: یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئایینی میسر گرنگیدان بوە بە ژیانی دوای مردن، چەند خواوەندێک تایبەت بون بەچاودێریکردن و جێبەجێکردن کارەکانی پەیوەست بەم قۆناغە، زاراوەی جیهانی یەکەم و جیهانی دوەم یان جیهانی سەرەوە و جیهانی خوارەوەیان بەکارهێناوە ئەمە ئاماژەیەک بوە بۆ گرنگیدان بە قۆناغێکیتری ژیان لەدوای مردن.

**سێیەم**: بەهۆی ئەوەی باوەڕی تەواویان هەبوە بە زیندوبونەوە و گەیشتنیان بە خواوەندەکان و چونەناو ژیانێکی بێ کۆتایی، بۆئەوەی لەبەردەم خواوەندەکان وەکو خۆیان دەربکەون و شایستەی ئەم دیدارە پیرۆزەبن بەپێویستیان زانیوە مردوەکان لاشەیەکی پارێزراویان هەبێت بۆیە بیریان لەمۆمیاکردن کردۆتەوە، ئەم کارەیان ئەنجامداوە و بەتێپەڕبونی کات گەشەیان بەم کارە داوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**چوارەم**: بیروباوەڕی ئایینی ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبوە لەسەر کرداری مۆمیاکردن و مۆمیاکراوەکان، ئەمە بەهۆی دەرکەوتنی چەند بەڵگەیەک سەلمێندراوە، بۆنمونە بیرۆکەی پاراستنی لاشە بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی ژیانێکی تازە لەدوای مردن، هەروەها ئەنجامدانی کاری مۆمیاکردن لەلایەن پیاوانی ئایینی و لەژێر چاودێری خواوەندەکان و بەپێی ڕێنمایە ئایینیەکان و پیرۆزکرنی مۆمیاکراوەکان و چەندین شتیتر سەلمێنەری ئەمەن.

**پێنجەم**: پیرۆزکردنی مۆمیاکراوەکان وەکو ئەرکێکی ئایینی سەیرکراوە، هەندێک لەخواوەندەکان لەگەڵ دەستەی مۆمیاکردن ئامادە و بەشداربون لەکاتی ئەنجامدانی کارەکە، وێنەی خواوەندەکانیان لەسەر تابوت یان لەسەر دیواری ئارامگەکان نەخشاندوە، هەروەها نزا و ئاماژەی ئایینیان لەسەر مۆمیاکراوەکان نوسیوە و پەیکەری بچوکی خواوەندەکان و پێداویستی جۆراوجۆریان لەگەڵ داناون.

**شەشەم**: پیاوانی ئایینی لەمەراسیمی ناشتنی مۆمیاکراوەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبوە ئەوان ئامادەکاریان کردوە و لەگەڵ ئامادەبوان بەشداربون و سروتی ئایینی و نزایان بەدەوری مۆمیاکراوەکاندا خوێندۆتەوە و چەندین کاریتریان ئەنجامداوە، کە بۆتە جێگە ڕەزامەندی خواوەندەکان و دانیشتوان.

**حەوتەم**: دادگای کۆتایی لەجیهانی دوەم وەرچەرخانێکی گرنگ بوە بۆ مۆمیاکراوەکە، خواەندی باڵا(ئوزیریس) و چەند خواوەندێکی تری پەیوەست بەژیانی دوای مردن دادگاکردنەکەیان بەڕێوەبردوە، لەوێدا لەپێناو یەکلاکردنەوەی چارەنوسی مۆمیاکراوەکان بەپێی گوفتار و کرداریان پاداشت و سزایان بۆدیاریکراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# Reflecting Religious Beliefs on Mummification in Ancient Egypt 1567-1085 BC

**Ali Abdallah Mahmood**
Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** ali.abdulla@uor.edu.krd

**Abstract:**

This study titled (reflecting religious beliefs on mummification in ancient Egypt 1567-1085 BC), is a scientific activity that focuses on the influence of religious beliefs on the practice of mummification. The Egyptians believed that they would await a better life after death, especially the kings, who would go before the gods and appoint rewards and punishment for them, so they considered it necessary. A protect and mummification body to reach his stage in the second world, all steps of mummification and burial have been done by religious men and with the consent of the gods.

**Keywords:** Mummification, Dogma, Ancient Egypt, Empire.

## سەرچاوەكان:


باقر، تەها: ٢٠١٨، سەرەتایەک بۆ مێژوی شارستانیەتە دێرینەکان، وەرگێرانی عوسمان عەزیز عەلاف و کەمال نوری مەعروف، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی تاران.

دورانت، ویل: ٢٠١٤، مێژوی شارستانیەت خۆرهەلات لانکەی شارستانیەت، وەرگێرانی عەبدولا ڕەسوڵی، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

سمیث، بریندا: زنجیرە مێژوی جیهان میسری کۆن، وەرگێرانی کەنعان نوری ئەحمەد وجابر حەسەن، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

سەلیم، ئەحمەد ئەمین: ٢٠١٤، مێژوی کۆنی میسر و عیراق، وەرگێرانی فەیسەل خەلیل، هەولێر، چاپخانەی خۆرهەلات.

شاکر، محمود: ٢٠١١، پوختەی مێژوی شارستانیەتەکان، وەرگێرانی موسی محمد عبدالرحمن، سلێمانی، چاپەمەنی گەنج.

کراچی، یاروسلاف: ٢٠٠٧، شارستانیەتی ئاسیا و خۆرهەلاتی ناوەڕاست، وەرگێرانی خزر چوبان، هەولێر، چاپخانەی منارە.

مەزهەر، سلێمان، چیرۆکی ئایینەکان، وەرگێرانی لوقمان حاجی قادر، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

الاحمد، سامی سعید و احمد، جمال رشید: ١٩٨٨، تاریخ الشرق القدیم، بغداد، مطبعة جامعة بغداد.

ادیب، سمیر: ١٩٩٧، تاریخ وحضارة مصر القدیمة، الاسکندریة، مکتبة الاسکندریة.

ارمان، ادولف: ١٩٩٥، دیانه مصرالقدیة نشاتها و تطورها ونهایتها فی اربعة الالف السنة، ترجمة، عبدالمنعم ابوبکر و محمد انور شکری، القاهره، مکتبة مدبولی.

ارموار، روبرت: ٢٠٠٥، الهة مصر القدیمة واساطیرها، ترجمة مروة الفقی، القاهرة، المجلس الاعلی للثقافة.

اسمان، یان: ٢٠٠٥، مصر القدیمة تاریخ الفراعنة علی ضوء علم الدلالة الحدیث، ترجمة حسین عباس الحیدری، کولونیا-المانیا، منشورات الجمل.

بدج، والیس: ٢٠٠٠، الیانة الفرعونیة، ترجمة نهاد خیاطة، الطبعة الثالثة، دمشق، دار العلاء الدین للنشر والتوزیع.

الجمال، نجوی: ٢٠١١، الدور السیاسی و الحضاری لمصر الفرعونیة فی المنطقة الشرق الادنی القدیم، بیروت، دار النهضه العربیة.

جیار، یولیوس و ریتر، لویس: ٢٠٠٨، الطب والتحنیط فی عهد الفراعنة، ترجمة انطون زکی، الطبعة الثالثه، القاهرة، مکتبة مدبولی.

حسن، سلیم: ٢٠٠٧، مختصر موسوعة مصر القدیمة، الجزء الاول، الهیئة المصریة العامة للکتاب.

حنون، نائل: ١٩٨٦، عقائد مابعد الموت فی حضارات بلاد الرافدین القدیمة، الطبعة الثانیة، بغداد، درا الشؤن الثقافة العامة.

خشیم، علی فهمی: ١٩٩٨، الهه مصر العربیة، المجلد الاول، طرابلس، الهیئة المصریة العامة للکتاب.

الخطیب، محمد: ٢٠٠٧، مصر ایم الفراعنة، الطبعة السادسة، دمشق، منشوراة دار علاء الدین.

دیاکونوف، ف: ٢٠٠٦، الخچارات القدیمة، ترجمة نسیم واکیم الیازجی، الجزء الاول، دمشق، منشوراة دار علاء الدین.

سعدالله، تامر محمد علی و عبدالحمید، عمرو محمد خیری: ٢٠٠٨، العلامات ورموز المقدسة المسجلة اسفل اسرة التحنیط دراسة مقارنة بین العصر الفرعونی و العصرین الیونانی و الرومانی، المجلة العلمیة لکلیة السیاحة والفنادق، الاسکندریة.

سعدالله، محمد علی: ٢٠٠٠، فی تاریخ المصر القدیمة، الاسکندریة، مرکز الاسکندریة للکتاب.

سعدالله، محمد على: ٢٠٠٥، فى تاريخ الشرق الادنى القديم مصر-سورية القديمة، الاسكندرية، مركز الاسكندرية للكتاب.

سيف الدين، ابراهيم نمير و اخرون: ١٩٩٨، مصر فى العصور القديمة، الطبعة الثالثة، القاهرة، مكتبة مدبولى.

السيوفى، مختار: ٢٠٠٦، مصر القديمة دراسات فى تاريخ والاثار، الطبعة الثانية، القاهرة، دار امصر اللبنانية.

سێیەم بەزمانی ئینگلیزی:

صالح، احمد: ٢٠٠٠، التحنيط فلسفة الخلود فى مصر القديمة، القاهرة، جماعة حور الثقافية .

صالح، عبدالعزيز: ٢٠٠٤، الشرق الادنى القديم مصر والعراق، الجزء الاول، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية.

عصفور، محمد ابو المحاسن: دون سنة، معالم حضارات الشرق الادنى القديم، بيروت، دار النهچة العربية.

فيرنر، ميروسلاف: ٢٠٠٥، سر الاهرامات، ترجمة خالد ابو اليزيد البلتاجى، القاهرة، المجلس الاعلى للثقافة.

فيفر، فرانسيس: دون سنة، الفرعون الاخير رمسيس الثالث او زوال خضراة العريقة، ترجمة فاطمة بهلول، دمشق، دار الحصاد.

لاليوت، كلير، ١٩٩٦، نصوص مقدسة ونصوص دينوية من مصر القديمة، ترجمة ماهر جويجاتى، القاهرة، دار الفكر للدراسات واانشر والتوزيع.

نورالدين، عبدالحليم: ٢٠١٠، الديانه المصرية القديمة و المعبودات، الجزء الاول، القاهره، دار الاقصى للطباعه والنشر.

نورالدين، عبدالحليم: ٢٠١١، الديانة المصرية القديمة و الفكر الدينى، الجزء الثالث، الطبعة الثانية، القاهرة، دار الاقصى.

هورونخ، اريک: ٢٠١٠، اخناتون وديانته النور، ترجمة محمود ماهر طه، القاهرة، الهيءة المصرية العامة للكتاب.

وفسكى، زامار: ١٩٩٩، اصحاب الجلالة الاهرامات، ترجمة هاشم حمادى، دمشق، دار السوسن للنشر والتوزيع.

وهيبه، عبدالفتاح محمد: ١٩٧٥، مصر والعالم القديم جغرافية التاريخية، الاسكندرية، منشاة المعارف.

ى، ق: ١٩٩٩، تاريخ توت عنخ امون محرر العطيم، الطبعه الثانية، القاهرة، مكتبة مدبولى.

يوسف، ابو مسلم: ٢٠٠٦، حكام مصر من عصر العتيق للفراعنة مرورا بعصر الاسكندر الاكبر رمز البطالمة وحتى الرومان، المجلد الاول، الاسكندرية، مركز الاسكندرية للكتاب.

Carter: 1963, The Tomb of Tut Ankh Amen, London.

Charles & Davis: 1895, The Egyptian book of Dead, London.

Gaston: 1911, Egypt Ancient Sites and Modern Senses, Translated by Elizabeth Lee, New York.

Murray, Margaret: 1910, The Tomb of Two Brothers, London.

Museum, British: 1904, A Guide to the Third and Fourth Egyptian Rooms, London.

Saelee: 1971, When Egypt Ruled the East, Chicago.